# تۆ..لەكوێ بووی...؟

مستۆ/15.6.2007

هەور هاتوو ، هەواڵێکی تۆی پێ نەبوو...؟
باران باری و.،
بۆنی پرچی تەڕی تۆی لێ نەهات،
بەهار هات و.،
لەسێبەری شۆڕە بیەکدا.،
باوەشێک کۆی نەکردینەوە!!!
هاوین هات و..
کەنار دەریایەک، گۆێی لەترپەی پێی،
پیاسەیەکی تەنیای ئێمە نەبوو،.
پایز هات و
گەڵاکان وەرین و.،؟
هیواکانم وەرین و،،؟
درەختەکان ڕووت بوونەوەو..!!
ئێمە قەت بەیەکەوە، نیوە ڕووتیش نەبووینەوە.،
پایز هات و بۆنی غەریبی هاتوو.،
بۆنی سەرمای زستان هاتوو.،
باڵندەکانی کوێستانیش، لەسەفەری هاوینەیان گەڕانەوەو
هەواڵی تۆیان پێ نەبوو..؟
ئەرێ بەڕاست تۆ لەکوێ بووی..!!!